کوردستان نێت:

# ٤٥ دەوڵەتی دنیا هاوپەیمانی ئەمریکان!

تا دوێنێ تەنها سێ دەوڵەت ەب ئاشکرا نارەزایی خۆیان لە دژی شەڕی ئەمریکا بۆ سەر عێراق دەردەبڕی، ئەوانیش: (فەرەنسا، ئەڵمانیا و ڕووسیا) بوون. تەنها دوو دەوڵەت پشتیوانی خۆی دەردەبڕی: بەریتانیا و ئیسپانیا.

هەر بە ڕاگەیاندنی ئولتیماتیۆمی ٤٨ سەعاتەی سەرۆکی ئەمریکا و گەیشتنی خەتەر بە ڕادەی ڕەنگی پرتەقاڵی، واتە نزیکترین پلە لە ڕەنگی سوور (جەنگ) بە پۆل دەوڵەتانی دنیا ڕازیبوونی خۆیان بۆ جەنگ ڕاگەیاند.

ئەمڕۆ ژمارەی دەوڵەتانی هاوپەیمان و قایل بە شەڕی ئەمریکا ژمارەیان گەیشتە ٤٥ دەوڵەت. کۆلن پاوڵ ئەوەی بە ڕەسمی ڕاگەیاند، بەڵام ناوی دەوڵەتەکانی نەهێنا. لەو دەوڵەتانە ٣٠ دانەیان بە ئاشکرا پشتیوانییان دەربڕیووە و، ١٥ دەوڵەتیش لەبەر هۆکاری جۆراوجاری تایبەت بە خۆیان پێیان باش بووە ناویان ئاشکرا نەکرێت.

لەو دەوڵەتانەی کە پشتیوانی ئەمریکان و ناوەکانیان ڕاگەیەندراوە، بێگومان جگە لە ئیسپانیا و بەریتانیا ئەمانەن:

ئەفغانستان، ئەلبانیا، ئوستراليا، ئازەربایجان، بولگاریا، کۆلۆمبیا، چیک، دانمارک، ئەلسەلفادۆر، ئەریتریا، جۆرجیا، مەجەرستان، ئەستۆنیا، ئەسیوپیا، ئیتالیا و یابان.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت